پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- حەجی کرد لەسەر زینەیەکی کۆن، وڕاخەرێک نرخەکەی چوار درهەم دەکات یان نایکات، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: خودایە، حەجێک ئەنجام بدەم ڕیای تێدا نەبێت وبۆ ناوبانگ دەرکردن نەبێت

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- حەجی کرد لەسەر زینەیەکی کۆن، وڕاخەرێک نرخەکەی چوار درهەم دەکات یان نایکات، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خودایە، حەجێک ئەنجام بدەم ڕیای (ڕوپامایی) تێدا نەبێت وبۆ ناوبانگ دەرکردن نەبێت».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرمـوودەکە: پێغەمبـەر -صـلى اللـه عليـه وسـلم- حەجـی کـرد لەسـەر زینەیەکـی کـۆن وڕاخەرێکـی سەرپشتی ئاژەڵێک کە نرخەکەی چوار درهەمی دەکرد یان کەمتر لەم نرخە، پاشان فەرمووی: خودایە من ئەم حەجە بۆ ڕیایی ئەنجام نادەم وبۆ ئەوە ئەنجامی نادەم خەڵکی من ببینن و بۆ ئەوە نییە کە ناوبانگ دەربکەم، بەڵکو بە دڵسۆزی بۆ تۆ ئەنجامی دەدەم، بۆئەوەی تۆ لە من ڕازی بیت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10969